# ئەحكامى ( الظهار )

[ كردي – كوردى – kurdish ]

**سەرچاوە: سايتى ڕێگاى ڕاستى**

www. regayrasty.org

**پێداچونەوەى: پشتيوان سابير عەزيز**

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ( أحكام الظهار )

« باللغة الكوردية »

المصدر: موقع الطريق المستقيم
www. regayrasty.org

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٠ - ٢٠٠٩

islamhouse.com

# ئەحكامی ( الظهار )

**نوسینی نوسەیبە :**

سوپاس و ستایس بۆ خوای جیهانیان و دروود و سەلام لەسەر گیانی پاکی پێغەمبەری ئازیزمان محمد صلی الله علیەوسلم .

ئەگەر میرد بەخێزانی بڵێ تۆلای من وەک و دایکم وای یان وەکو پشتی خوشکم وایت ئەوە( الظهار )ی کردوە لەژنەکەی وەئەگەر بڵێ وەک دایکم یان خوشکم وای بەمەبەستی ( الظهار )کردن ئەوە( الظهار )کردوە، وەشەرعیش ئەم ظهار کردنەی حەرام کردووە، وەبەو ظهار کردنە ئافرەتەکە لەمێردەکەی حەرام ئەبیت،جا ئەگەر بۆ ماوەیەکی دیاری کراو نەبێت ئەوەنابێت نزیکی ژنەکەی بیتەوەتا کەفارەتی دەدات کەئازاد کردنی کۆیلەیە،ئەگەر نەبوو دوو مانگ بەرۆژوو ئەبێت بەسەر یەکەوە ئەگەر نەیتوانی ئەوەخواردنی شەست کەم دەست ئەدات،وەئەگەر بۆ ماوەیەکی دیاری کراو بوو ئەوەنابێت نزیک بکەوێتەوە تا ئەوماوەیە تەواو ئەکات وەئەگەر جووت بوو لەگەڵی دا پێش تەواو بوونی ئەو ماوەیە ئەوە کەففارەتی ظهار لەسەر پێویستە.

ئیمامی احمد و حاکیم لەعائیشەوە( رەزای خوای لێبێت )گێراویانەتەوە کەدەڵێ سوپاس بۆ ئەو خوایەی هەموو قسەو دەنگێك دەبیستێ،سوێند بەخوا خەولەی کچی ثەعلەبە هات بۆ لای پێغەمبەر صلی الله علیەوسلم دەربارەی ظیهارکردنی مێردەکەی شکاتی دەکرد،لەوکاتەدا من لە گۆشەیەکی ماڵەکەدا بوم گویم لەقسەکانی نەبوو چی دەڵێ،بەو هۆیەوەبوو خوای گەورەئەم ئایەتە نەیسورەتی المجادلة دابەزاند(سنن ابن ماجه دا هاتووه وهو صحيح) ئایەتی یەکەم لەسورەتی المجادلة ئەفەرموێت : **( قَدۡ سَمِعَ ٱللَّهُ قَوۡلَ ٱلَّتِى تُجَـٰدِلُكَ فِى زَوۡجِهَا وَتَشۡتَكِىٓ إِلَى ٱللَّهِ وَٱللَّهُ يَسۡمَعُ تَحَاوُرَكُمَآۚإِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعُۢ بَصِيرٌ ) .**

واتە : بەراستی خوای گەورەبیستی ووتەی ئەو ژنەی کەلەبارەی مێردەکەیەوەگفتو گۆی لەگەڵ ئەکردی وەسکاڵای خۆی بۆلەی خوا ئەبرد وەخوا گوێی لەوتوێژی هەردوکتان بوو بەراستی خوا بیسەری بینایە.

پاشان خوای گەورەلە ئایەتی دووەمی سورەتی المجادلة دەفەرموێت : **( ٱلَّذِينَ يُظَـٰهِرُونَ مِنكُم مِّن نِّسَآئِهِم مَّا هُنَّ أُمَّهَـٰتِهِمۡۖ إِنۡ أُمَّهَـٰتُهُمۡ إِلَّا ٱلَّـٰٓـِٔي وَلَدۡنَهُمۡۚ وَإِنَّهُمۡ لَيَقُولُونَ مُنكَرٗا مِّنَ ٱلۡقَوۡلِ وَزُورٗاۚ وَإِنَّ ٱللَّهَ لَعَفُوٌّ غَفُورٞ )** .

واتە:ئەوانەتان کە ظیهار دەکەن لەگەڵ ژنەکانیاندا (پێیان دەڵێن وەك دایکمان وان) ئەوان دایکی ئەوان نین دایکی ئەوان ئەو ژنانەن کەئەوانیان لێبوەوەبێگومان ئەوان گفتاریکی خراپی ناپەسەند دەڵێن و درۆ دەکەن وەبەراستی خوا لێ خۆش بووی بوردەیە.

ئایەتی سێیەمو چوارەم دا خوای گەورە باسی حوکمی ئەوکەسانە ئەکات کەظهار ئەکەن ئەفەرموێت : **( وَٱلَّذِينَ يُظَـٰهِرُونَ مِن نِّسَآئِهِمۡ ثُمَّ يَعُودُونَ لِمَا قَالُواْ فَتَحۡرِيرُ رَقَبَةٖ مِّن قَبۡلِ أَن يَتَمَآسَّاۚ ذَٰلِكُمۡ تُوعَظُونَ بِهِۦۚ وَٱللَّهُ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٞ * فَمَن لَّمۡ يَجِدۡ فَصِيَامُ شَهۡرَيۡنِ مُتَتَابِعَيۡنِ مِن قَبۡلِ أَن يَتَمَآسَّاۖ فَمَن لَّمۡ يَسۡتَطِعۡ فَإِطۡعَامُ سِتِّينَ مِسۡكِينٗاۚ ذَٰلِكَ لِتُؤۡمِنُواْ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦۚ وَتِلۡكَ حُدُودُ ٱللَّهِۗ وَلِلۡكَٰفِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ ).**

واتە:ئەوانەی ظهار ئەکەن لەگەڵ هاوسەرەکانیان لەپاشان دەگەڕێنەوەوپەشیمان دەبنەوە لەوەی کەوتویانەواتەخێرا تەڵاقیان نەدان ئەوەپێویستەبەندەیەک ئازاد بکەن لەپێش ئەوەی بەیەك بگەن بەم کەفارەتەی لەسەرتان پێویست کراوە ئامۆژگاری دەکرێن پێی وەخوا شارەزایە بەوەی کەدەیکەن.

تەفسیری ئایەتی (٤) ، واتە: ئینجا ئەگەر یەکێک بەندەی دەست نەکەوت ئەوەبو دوو مانگ بەرۆژو بێت لەسەر یەك پێش ئەوەی بچنەلای یەك ئەگەر یەکێك نەیتوانی دوو مانگ بەڕۆژو بێت ئەوەبانانی شەست هەزار بدات (ئە وکەفارەتانەکە لەسەرتان پێویست کراوە)بۆ ئەوەی باوەر بکەن بەخوا و پێغەمبەر خوا(ملکەچی فەرمانی خواو پێغەمبەری خوابن) وەئەوانە سنورەکانی خوان وەبۆ بێ باوەڕان هەیەسزای سەخت.

لەبەر فەرموودەکەی :

( سلمة بن صخر البیاضی) خوا لێی رازی بێت کەوا فەرمووی:من پیاوەێک بووم زۆر دەچوومەلای ئافرەت وانازانم هیچ پیاوەیکی تر وەکو من زۆر توشی ئەوە بوایە جا کاتێك ڕەمەزان هات ظهارم لەژنەکەم کرد تا ڕەمەزان تەواو ئەبێت ،شەوێکیان قسەی لەگەڵ دەکردم شتێکم بۆ دەرکەوت جا خۆم پێنەگیرا و لەگەڵی دا جووت بووم ،کاتیک کەرۆژ بویەوەچوم بۆلای هۆزەکەم و هەواڵی خۆمم پێ گەیاندن و پێم ووتن :پرسیارم بۆ بکەن لەپێغەمبەری خوا صلى الله علیه وسلم ئەوانیش وتیان ئێمە شتی وا نەکەین، دوای خوای گەورە ئایەتێکمان لەسەر دابەزێنێت یان پێغەمبەری خوا لەبارەمانەوە فەرموودەیەك دەفەرموێت، دەبێتە(عار) بەسەرمانەوە، بەڵام ئێمەکاری خۆت ئەدەینە دەستی خۆت، خۆت برۆ باسی حاڵی خۆت بۆ

پێغەمبەری خوا بکە، فەرموی جا من چووم تاهاتمە خزمەتی وهەواڵم پێ راگەیاند،جا ئەویش فەرمووی تۆ خۆت ئەوکارەت کردووە؟ووتم من کردوومە وە من ئەوەتە ئامادەم ئەی پێغەمبەری خوا ،ئارام گرم بۆ حوکم و بریاری خوای گەورەدا بەسەرم دا،فەرمووی(کۆیلەیەك ئازاد بکە) فەرمووی:منیش ووتم بەکەسەی تۆی بەحەق رەوانەکردوەتەنها خاوەنی ئەو گەردنەی خۆمم،فەرمووی (دوومانگ بەرۆژو بەبەسەر یەکەوە) فەرموی ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ئەو هەموو بەڵا تووشم بووەهەمووی بەهۆی ڕۆژوەوە بوو،پاشان فەرمووی(خواردنی دەکەس بدە)فەرمووی بەوکەسەی تۆی بەحەق رەوانەکردوە ئێمەئەو شەومان بەبێ خواردن بردوتەسەر،فەرمووی (دە برۆ بۆلای خاوەنی زەکات(بنی زریق)و پێی بڵێ با پێتی بدات وەخواردنی شەست کەم دەستی لێ بدەو سودیش لەپاش ماوەکەی وەربگرەبۆخۆت.رواەابوداود والترمزی وابن ماجە وهو صحیح بروانەصحیح ابن ماجە(١٦٧٧).

خوای گەورە لە هەموو لایەکمان خۆش بێت لەکەم کورتیەکانمان ببورێت، تێمان بگێنێت لەدینەکەی زیاتر اللهم امین..